كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ڕۆژی والانتین,ڕۆژی خۆشەویستی

ئەحمەد دەشتی



ئەگەر خۆشەویستی لە ناو ئەم جیهانەدا نەمینێت، دیارە کە جیهان دۆزەخێکە هەمیشە مرۆڤی تیادا دەسوتێت و ئازارەکان بە خەستی سەر هەل دەدەن و ئارامی و هیواکانی بوونی ئاسایشی مرۆڤ لە چاڵ دەندرێن،خۆشەویستی لە جیهان دا هێمایەکی پڕ بەهایە بۆ ژیانی ئازادی و سەربەخۆیی و هەتا بڵێی پڕ لە دڵخۆشی و سەروەریە بۆ هەموو ئەوانەی کە خۆشەویستی خۆیان خۆش دەوێت و لەم ڕێگە پیرۆزە دا هەموو هەنگاوە سەربەرزیەکان بۆ سەرکەوتنی خۆشەویستی داوێن و دڵی یارو هەڤاڵ و دۆست و هاو وەڵاتیانی خۆیان سەرشاری سەرکەوتنی خۆشەویستی دەکەن و دژ بە هەموو چقلێکی نێوان خۆشەویستان دەوەستن و بە دڵێکی تەژی لە ژیری و زانایی و خۆشەویستیەوە لە ناو قەوم و کەسانی خۆیان دا گولی خۆشەویستی و سەربەستی دەروێنن، پێم وایە کە لە تەواوی جیهان دا تەنیا خۆشەویستیە کە هەمیشە گولی ڕێگەی ژیانێکی سەربەرزانەیەو سەرچاوەی هەموو شادی و پیشکەوتن و ئازادی هەر مرۆڤێک لەخۆشەویستی ڕاستەقینە دایە و ئەوانەی کە ڕێز لە خۆشەویستی دەگرن و خۆشەویستیان خۆش دەوێت و هەمیشە گوڵ دەڕوێنن دیارە کە لە ژیانیاندا زۆر سەربەرزو کامەرانن،چەندە شیرینە کە لە نیوان خودی مرۆڤ دا خۆشەویستی هەمیشە بەرقەرار بێت و هەموو مرۆڤێک بە دڵ و بە گیانیەوە دژ بە ئەهریمەنی شەرو خەراپەو رق و قینەوئێرەیی نارەواییەکان بێت و هەردەم لە هەلێری خۆشەویستی دا دلسۆزانە بڕوانیت و لە نێوانی هەموو مرۆڤ دا لە هەموو ڕوییێکەوە تەنیا گولی خۆشەویستی بچێنیت و هاندەری لە یەک نەزیک بوونەوەی دڵان و خۆشەویستان بێت و نەک ببێتە بەکرۆکە و هۆکاری ئازارو خەم و دروست کردنی گەلێ شتە نارەواو ناڕاستەکان و دروست بوونی هەستی ئەهریمەنی شەڕ، دەبێ بڵێم زۆر بە داخەوە کە ئەم هەستە نارەوایانەی دژ بە خۆشەویستی لە ناو گەل و وەڵاتی ئێمەی کوردەواری دا تا بڵێی زشت و نالەبار و ناشیرینن،کە ساڵەهایە گەل و نیشتمانی ئێمەی پێوە دەنالێت و ئازارەکان هەمیشە لە تەشەنە کردن و زیادبوون دان و خۆشەویستی نارەوایانە سەری براوە،دیارەکە بەو شێوەیەی گەلانی پێشکەوتووی جیهان بیری لێ دەکەنەوە لە وەڵاتی ئێمەدا سەقەت کراوەو خنکێندراوە ،بەداخەوە ئێمەی کورد هەتا ئەمڕۆش  دوورین لە خۆشەویستی ڕاستەقینەوە، ئەم هەستە مەزنە لە ناو ئێمەدا بە گوناهێک داندراوەو لە سایەی وەرگرتنی کەلتوری گەلانی دواکەوتووی دەورو بەرمان دا ئێمەی کوردیش سالەهایە بەم هەنگاوە نارەوایانەی دژ بە خۆشەویستی هەناگاو داوێین، کە ئەمەش بە سەدان کارەسات و نالەباری و نارەوایی لێ کەوتۆتەوە،ئێمەی کورد فێر بووین کە هەستی تەسک و بیری نالەباری خەڵکانی دواکەوتوو کە هۆکاری گەلێ لە کارەساتەکانن وەربگرین و  لە ناو ئێمەی کورددا خۆشەویستی بە تەواوی لە دار دراوە و زۆر بە دەگمەن هەستی پاک و بیری پیشکەوتوانە لە ناو گەل و نیشتمانی کوردو نەتەوە دراوسی و دواکەوتوەکان دا وەدی دەکرێت،هەتا ئێستاش مانا و وشەی خۆشەویستی پڕ بە پێستی خۆیەوە بە داخەوە لە ناو گەلانی دوا کەوتوو دا مانایەکی بۆ نیە،خۆ دیارە ئەگەر لەم جیهانەدا خۆشەویستی لە هەمو شوێنێ سەری ببڕدرێت و نەمینیت و کارەساتەکان ئەوا هەمیشە لە برەو دادەبن و زیاتر سەر هەل دەدەن و جیهان بەبی خۆشەویستی یەکتری زیندانێکی  پڕ لە ئاتەشە و خودی مرۆڤی تیادا دەسوتێت.

ئەمڕۆ کە ڕۆژی خۆشەویستیە واتە ڕۆژی والانتینە ئەو کەسەی کە گیانی خۆی کردە قوربانی خۆشەویستی و بە هۆی هەستی تەسک و دواکەوتن دژ بە خۆشەویستی لە دار درا و گیانی بەخشی، ئەمڕۆکە یادی ئەو مرۆڤە بە خۆشەویستی دەکرێتەوە و بە هەزاران جەپکە گولی بۆ دهێندرێت و بەم یادەوە خۆشەویستان یەکتر گولباران دکەن، ئەمڕۆکە منیش لە بەر مالەکەی خۆمان لە پارکە خنجیلانەکەوە وەستابووم چاوەڕوانی ڕۆلە ئازیزەکانم: زاناو هاوین و کۆسارو سروش و ئارمان و ڕامان و مندالەکانی تری خانەوادەم دەکرد کە بێن و کەمێ لەم یاریگایەی بەرمالەکەمان چەند کاتێک بەیەکەوە بەرینە سەر و بەیەکەوە دلی دوورمان لەموەلاتەو لەم نیشتمانە پێشکەوتووە دا شاد بکەین  وەستابووم، چاوم بەملاو ئەولادا دەگێڕا کە لاوو پیرانی ئەم خەلکەم دەبینی کە بە دەستی پڕ لە چەپکە گول و جلکی جوان و ڕازاوە بەرەو رووی یەکتر دبوونەوە و سەردانی یەکتریان دەکرد،ئەم سیما جوان و شیرینانە لە ناو هەست و دەرونم دا جێگەی خۆیان دەگرت، ئای کە چەندە شیرین و جوانە ژیانی ئاوا، کە دەمبینی یارو دۆست و خەلکان کچ و کورو لاوان و یاران وا بە یەکەوە دەست لە ناو دەستن و پڕ لە هەستی خۆشەویستی یەکترەوە لە گەل یەکتر دەدوێن و گول بە یەکتری دەدەن، دیارە کە مرۆڤ نکارێت  چاوی خۆی لە ڕوانینی ئەم دێمەنە جوان و لەبارو مرۆڤ دۆستانە و لەم دیمەنە پڕ لە شادیانە دا تێر لە ڕوانین بکات، کە بە ڕاستی من ناتوانم وەک خۆی باسی جوانی و شیرینی ئەمسیایانەی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بکەم و هەتا بلێی جوان شیرینن،بە تایبەت ئێمەی کوردی تامەزرۆ بۆ بینینی ئەم دیمەنە پڕ لە خۆشەویستیانە دا پەرۆشین و ئێرەییان پێ دەبەین، جونکە ئێمەی خەلکی وەلاتانی دوور لە هەموو هێماکانی خۆشەویستی ڕاستەقینەوە بە دلێکی پڕ لە حەسرەتەوە ئەو دیمەنانەم دەبینی و لێیم دەڕوانی، کە لەو دەمەدا ئازارەکان دای  دەگرتم و لە ناو دل و دەروونمدا کارە زشتەکان و نارەواییەکان و نە بوونی هەستێکی ئاوا بەرزی خۆشەویستی لە لایەن هەموو تاکێکی کوردەوە بۆ یارو دلدارو بۆ یەکتری و بۆ نیشتمان و هەستی نەتەواتیمان،ئەوا دلم دەگراو گرێکی سوتینەری پڕ لە بلێسە لە ناو هەست و دەروونم دا بەرجەستە دەبوو،جار جاریش ئەسرینی نائارامیەکان لە چاوانم دەهات و ژیانی غوربەت و دووری لە کوردستانی ئازیزو دواکەوتووی  خۆمان  وەبیر دەهاتنەوە و ئازرەکان دایان دەگرتمەوە، گەلێ لە هاکارو هەستی دواکەوتوو و هۆکارەکانی نەبوونی ژیانێکی ئارام و پڕ لە خۆشەویستی یاران و دواکەوتوویی نیشتمانە ئازیزەکەم تا بلێی ڕەنجی دەدام و خەیالم لەو هەموو خۆشەویستیەی کە لێرەدا بۆ یەکتر بە جێی دینن دەڕۆیشت و بیرم لەوە دەکردەوە دەمگوت گەلۆ دەبێ گەل و نیشتمانی ئێمەش ڕۆژێک بێت ئاوای لی بێت و جەژنی خۆشەویستی یەکتری بگێرین و ڕێز لە خۆشەویستی بە مانای وشەوە ئاوا بگرین و ڕۆژانێ بێت ئێمەش یادی مەم و زین و شیرین و فەرهادو خەج و سیامەندو ئەویندارەکانی نیشتمان بکەین بە ڕۆژی خۆشەوستی و جەژنی خۆشەویستیمان لەو ڕۆژەدا بگێرین و گول بارانی یارو دۆست و هەڤال و خۆشەویستانمان بکەین.

بەرلین 14.2.2007 ڕۆژی خۆشەویستی  کە بە ڕۆژی والانتین ناسراوەو خەلکی ئەم وەلاتە پڕ لە خۆشەویستی و جوانیەوە دەڕواننە ئەم ڕۆژە. خۆزیا لە وەلاتی ئێمەو هەر تاکە کەسێکمان دا ئاوا ڕۆژی خۆشەویستی هەبوایە و ڕێزی لێ بگیرابایە وپڕ بە مانای وشەی خۆشەویستی ڕێزمان لێ نابایە.